


جەبار سابیر

## سلێمانی پایتەختی رۆشنبیری

لەوانەیە ئەم حکومەتە خەڵک بەگەمژە بزانێ، بۆیە هەر ماوەیەو بەشتیکەوە سەرقاڵی دەکات و وایلێدەکات مەسەلە سەرەکییەکانی خۆی بیرچێتەوە کەرۆژانە بەدەستییانەوە گیری خواردووە. ماوەیەک خەڵکیان بەهەڵکردن و هەڵنەکردنی ئاڵای عێراقەوە سەرقاڵکردبوو، چەند مانگێک خەڵکیان هێناوبردو کەچی دواتر هیچ. ماوەکیش لەمەوبەر خەڵکیان بەلابردنی سرودی ئەی رەقیب و دانانی سرودێکی ترەوە سەرقاڵکردو تائێستاش هەر بەردەوامەو کارگەیشتە ئەوەی هەندێک مێشک بۆگەن گۆڕی (دلْدار)ی داماویشیان هەڵتەکاند. جگە لە خۆشیان خەڵک هیچ بایەخی نەداوەتەوە ئەو مەسەلە لاوەکییانە بۆ ئەم سەردەمە. ئاخر خەڵک نەوت و بەنزین و غازی دەوێ، نەک هەڵکردن و هەڵنەکردنی ئاڵای عێراق.! خەڵک کارەبای بەردەوامەی دەوێ، نەک لابردنی سرودی ئەی رەقیب و دانانی سرودێکی تر، بەکوردی خەڵک ژیانی دەوێ نەک دروشمی حەماسەت خولْقێن. کە لە جەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆوە ئەو دروشمانە بەدەستی خۆیانەوە کفن و دفن کراون.

ماوەیەکە باس لەوەدەکرێت سلێمانی بکرێتە پایتەختی رۆشنبیری کورد. ئەمە راستە هەر لەکۆنەوە تائەمرۆ سلێمانی پایتەختی شۆڕش و رۆشنبیری کورد بووە، ئەم پێشنیارە وەزیری رۆشنبیری کردی، بەڵام ئایا ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم جۆرە دروشم و قسانە فرێبدرێن یان کاتی ئەوەیە سلێمانی بکەنەوە بەشار بەر لەوەی بیکەنە پایتەختی رۆشنبیری.؟ سلێمانی ئێستا حسابی گوندێکی بۆ دەکرێت و ئەو هۆکارانەی گواستنەوەو سەرگەرمی و پێداویستی ژیانی خەڵک کە لەسلێمانی هەن لەگوندە دوورە دەستەکانیشدا هەن. سلێمانی بەشەو ئەڵێی بیابانی نیبادایەو ئەوەندە تاریکە ئینسان ئاگای لەخۆی نەبێ خۆی بەدەیان عەمودە بێ گیاندا دەکێشێ. ئیتر پایتەختی رۆشنبیری بێ.؟ پاریسی پایتەختی فەرەنسا پێنج سەد سینەمای تێدایە، سینەما یەکێکە لەستونە گرنگەکانی شارستانییەتی ئەمرۆ، دیسان ستونێکی گرنگی پێوانەکردنی شارەو لەدنیادا هەر شارێک سینەمای نەبێ شار نییە. بەم پێیە بێت سلێمانی شار نییە، چونکە سینەمای تێدانییە، ئێوەی چەند سینەمایەکی تێدا دروستکەن ئەوسا بیکەنە پایتەختی رۆشنبیری. یەک پارکی سلێمانی سەرئاو و دەستشۆری تێدانییە، لەیەک شوێنی ناوشاردا سەرئاوێکی تێدانییە بۆ ئافرەتان، لەسێ ئێوارەوە خەڵک سەرە بۆ پاسِ دەگرن تابەرِووناکی بگەنەوە ماڵ، هەر کۆڵانێک دەچی هارەی مۆلیدە مێشکت بەردەداتەوە، یەک کافیتیریای مەعقول لەناوشاردانییە، ئیتر رۆشنبیری چی و پایتەختی چی عەزیزان. فرۆکەخانەیەکی تێدایە تەنیا بەرپرسەکان لێوەی دەفرِن. لەسەدا دەی خەڵکی شار پاسپۆرتی نییە، لەسەدا نەوەدی خەڵکی شار ساڵی سەفەرێکیان بۆناکرێت بۆ دەرەوەی کوردستان، ئیتر پایتەختی رۆشنبیری چی.؟ ئەم دروشمانە لەپای چی گەر دەتانەوێ بمان خەڵەتێنن ئیتر تەواو ئەو دەورانە رۆی، خەڵک رۆشنبیری ناوێ ژیانی دەوێ ژیان.

jabardllopa@yahoo.com

ئیسماعیل سابوری بۆ ڕۆژی گەل

# بەرهەمی نوێم لە نەورۆزدا بڵاودەبێتەوە



پ/ دەتوانیت مێژووی تێکەڵبوونت بەدنیای هونەرو گۆرانی وتنی خۆتمان بۆ روون بکەیتەوە؟

و/ لەڕاستیدا ئیشکردنم لەبواری هونەر، وەک لەچەند چاوپێکەوتنێکی تر ئاماژەم پێکردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ کە ئەوکات تەمەنم چواردە ساڵ بوو، ئەگەر بەهەڵەدا نەچم پێموابێت یەکەمین گۆرانیم لە رادیۆی کرماشان بەهاوکاری ستافی ئەو سەردەمە تۆمارمان کرد، ماوەتەوە بڵێم ئەو ستافەی باسم لێوەکرد، هەمان ئەو ستافەبوو کەوا کاریان لەتەک هەریرک لە هونەرمەندان (حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ، مەزهەری خالقی) کردووە.

پ/ ئایا بەنیاز نیت هیچ بەرهەرمێکی نوێ تۆمار بکەیت؟

و/ ئەمە پرسیارێکی باشە کە لێم دەکەن، چونکە دەمەوێت لەڕێگەی رۆژنامەکەتانەوە بڵێم: کە خەریکی سیدیەکی نوێم لەهەولێر کە لەلایەن مامۆستا (سەید ئەحمەد) سەرپەرشتی دەکرێت و ئەرکی سیدیەکەش وەکو مادی لەئەستۆی برای شاعیر و هەست ناسک کاک (عبدالرحمان بێلاف)ە، وە تەنانەت کاک عبدالرحمان یارمەتی زۆرداوم لەبواری هۆنراوەی گۆرانیەکان، ماوەتەوە بڵێم: کە ئەو سیدیە نوێیەم بریتیە لە هەشت گۆرانی و دوو مەقام بریارە نەورۆز بڵاوبکرێتەوە.

پ/ لەسەرەتای گۆرانی وتنتدا کاری گەری هیچ گۆرانی بێژێکی ترت لەسەر بووە؟

و/ناتوانم بە هیچ شێوەیەک خۆم لەو پرسیارە لادەم، چونکە لەڕاستیدا گۆرانی بێژەکانی پێش من واتە ئەو کەڵە هونەرمەندانە کە لەسەر خەڵکی ئیعتیمادیاندا، بەڵێ بێشک کاریگەریان لەسەر من هەبووە، چونکە خولیای هونەری گۆرانی بووم لەسەرەتادا، ئاخر هەریەک لە هونەرمەندە کۆنەکان هەر یەکەو مەکتەبێکن، منیش وەک کاریگەری و حەزو خۆشەویستی بەراستی زۆر حەزم لەدەنگی مامۆستای گەورەم (مەزهەری خالقی) هەیە.

پ/ ئەوەندەی لێرەیت هیچ هاوکاری کراویت وەک هونەرمەندێک بۆ رایکردنی کارە هونەریەکانت؟

و/ من پێنج ساڵە لە هەرێمی کوردستانم، بەڵام تائێستا هیچ دەزگاو گروپێک هاوکاریان نەکردووم بۆ کارە هونەریەکانم، ئەگەر هەشبووبێت زۆر کەمن.

پ/ دوا وتەت بۆ ئێمەو بۆ هەوادارانی گۆرانیەکانت؟

و/ دەمەوێت بڵێم: زەحمەتان کێشاو سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دیدارەی لەتەک منداو، دەخوازم هەموو هونەرمەندێکی بەهرەمەند بەسەر بکەنەوە، بۆ گوێگرانی گۆرانیەکانیشم دەڵێم سابوری هەردەم لە خزمەتاندایە تابتوانم کاری هونەری باشتان پێشکەش دەکەم.

**ئا/ رۆژگار محسین**

## فینلاند: نیگارکێشێک پلەی شاجوانی وەدەست دێنێ

شەوی ١٠-٢-٢٠٠٧ لە شاری هێلسینکی پایتەختی وڵاتی فینلاند دوایین قۆناغی کێبەرکێی شاجوانان لە نێوان ١٠ کچدا بەڕێوەچوو.

وەک دەزانرێ کە تەنیا لە رووی تایبەتمەندی ئادگار و روکەشەکانەوە شاجوان هەڵنابژێردرێ، بەڵکو هەست جوانی و ژیری پالێوراوەکە گرینگییەکی بەرچاوی دەبێ و خاڵی ئاماژەو سەرنجراکێشانی داوەرانیش دەبێ.

ئەمساڵ سێ کچ وەک براوەی کێبەرکێکە هەڵبژێردران، پاشان "نۆورا هاوتاکانگاس" ی تەمەن ٢٢ ساڵ وەک شاجوانی وڵات دەستنیشان کرا. نۆورا لە کاتی راگەیاندنی ناوی خۆیدا چەند چرکەیەک واقی ورما، بڕوای بەخۆی نەکرد، سەرەنجام لە خانمەکەی تەنیشت خۆی "یێننی لاکسۆ"ی پرسی: ئەوەی بیستم، راست بوو"؟!.



شاجوانی ئەمساڵی وڵاتی فینلاند، خوێندکار و نیگارکێشە، باڵاکەی ١٧٥ سانتیمەترە، خەڵکی شارۆچکەی سوینی دەڤەری (پۆهیانما)یە.

## ئاهەنگی زەماوەندی خۆی دەگێڕێ



**هەواڵەکان:** رۆژی ٢-٢-٢٠٠٧ لە وڵاتی هۆڵەندا ئاهەنگی زەماوەندی هونەرمەند چۆپی فەتاح کە پێشتر شەکراوی خورابۆوەو بڕیاری ژیانی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند نامۆ دابوو،بەڕێوەچوو، لەم ئاهەنگەدا تەنیا بنەماڵەی بووک و زاوا ئامادەببوون. ئەمەش دوور لە چاوی کامێراکانەوە بەڕیوەچوو، بەڵام پەیامنێری ماڵپەڕی چرا وێنەی گرتبوو، هەواڵەکەشی بڵاوکردەوە.

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

**رۆژانە** ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت هەواڵی تازە سەبارەت بە بەرپرسیاران بڵاو دەبێتەوە، دەڵێن: فلان ڤێلایێکی بەوەندە ملیۆن دۆلار لە ئەوروپا کڕیوە! فیسار بەوەندە ملیۆن دۆلار کۆشکێکی لە ئەمریکا کڕیوە! ئەوەی دیکەیان بەوەندە ملیۆن دۆلارە ئاپارتمانێکی قەبەی لە کەنداو کڕیوە! کەچی راگەیاندنەکانی ناوەخۆ پێی لێدەخشێنن و باسیان ناکەن!!

**دەڵێن** برادەران زۆر دڵیان بە دوایین لێدوانی ئەردۆگان خۆشکردووە کە ئامادەیی تورکیای بۆ هەبوونی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە! راستیەکەی ئەمە هەواڵێکی خۆشە، بەڵام نابێ هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەو زاتەشمان لەبیر بچێ کە دەڵێ سەرباز رەوانەی کوزەی عێراق!! دەکەم و ڕێگەی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی کەرکوک نادەم، میراتی عوسمانلی وەردەگرمەوە!!

**زۆر خۆشحاڵ** بووم کە زانیم زانکۆکانی کوردستان و تەکساس هەماهەنگی دەکەن، بەڵام خوا نەکات هینەکانی کوردستان و هەرامەکانی تەکساس هەماهەنگی بکەن، دەنا هەر بە جارێ گیرفانمان بەتاڵ دەبێەوە!!

**لەم کوردستانەدا** نەخۆشخانەی واهەیە سێ مانگی رەبەق چاوی بە داوو دەرمان ناکەوێ، بەڵام دوکانی برینپێچ و پزیشکەکانی کۆڵان و گەڕەکەکان لەبەر زۆری داوو دەرمان خەریکە نغرۆ دەبن.

**بۆئەوەی** پۆستێکی حکومی بۆ کوڕی بەرپرسێکی دانیشتووی گوندێک دابین بکرێ کە پارساڵ بەشی یاسای لە زانکۆ تەواو کردوە، بڕیار وایە گوندەکەیان بکرێ بە ناحیە و کوڕی بەرپرسەکەش بکرێ بە یەکەمین بەڕێوەبەری ناحیە تازەکە!!

## تاتلیساس کاندیدی پارلەمان دەبێ



ئیبراهیم تاتلیساس، هونەرمەندی ناسراوی تورکیا لە لێدوانێک دا مەیلی خۆی بۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا وەکو بژاردەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەندامێتی پارلەمان ئاشکرا کرد.

شیاوی باسە ناوبراو لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە توانیویەتی سامانێکی زۆر وەدەست بێنێ، ئێستا سەرمایەدارێکی ناسراوە، لە دایکبوویی شاری "ئورفا"یە، هاوشاری عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە و شوان پەروەری هونەرمەندە، ئەو دەیەوێ وەک کەسێکی سەربەخۆ لە بازنەی شاری ئۆرفادا خۆی کاندید بکات، ئەگەر خۆی بپاڵێوێ، وا چاوەروان دەکرێ کەدەنگ بهێنێ و بگاتە پارلەمان.

پارتە سیاسیەکانی تورکیا لەم هەنگاوەی تاتلیساس نیگەرانن، چونکە پێیان وایە لەم گەرەوەدا سەردەکەوێ و ئەوانیش زیانیان پێدەکەوێ.




هۆنەرمەند (سۆلاف فواخرەجی) رۆڵی سەرەکی لە زنجیرەی (نامەکانیی خۆشەویستی و شەڕ) دەگێری کە هونەرمەند باسیل خەتب دەریدەهێنێ، ئێستا کاری تێدا دەکرێ و دیمەنەکانی وێنەیان لێهەڵدەگیرێتەوە.

ئەم زنجیرە بەرهەمی(ریم حەنا)یە، هەر خۆیشی سیناریۆی بۆ نووسیوە، لەسەر داوای خۆیشی سۆلاف فواخرەجی هونەرمەندی ناسراوی سوریا رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕی کە باسی رووداوەکانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەکات.


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com